بەشێك لە:

# تارماییەکانی بەفر

شیعر/ سمكۆ عەبدولكەریم

تەمەن لێرەوە دەست پێکا

رابردوو

قۆرییەك چایی

با

هەموو شتی پێگوتم

ژیان

مردن

سووتان

توانەوە

خۆشەویستی

گۆپال باسی چەمانەوەی بۆ کردم

هیچ

هیچ مێژوو هیچ

هیچ

خۆل باوەشی تێوەرینام

پێش ئەوەی نهێنیەکان بدرکێنم

**ئەمجارەش پێش مەرگ کەوتم**

**رەهای بۆشاییەکانی خوا بووم**

**لە وێش**

**بۆنی مەرگی ئەستێرە**

**ناوبردنی ئاو**

**ئەلقە**

**بیرەوەری شەقام تارمایی**

**شۆستە نەمەیی**

**ئەنیشك بەچدادەم**

**لێرە خۆل دەڕوا**

**بەفر دەڕوا**

**شاخ دەڕوا**

**شوێن لێرە ئەفسانەیە نسێی نایەتێ**

**بەسەر گۆڕی زیندواندا کەوتم**

**ئەمجارەیان مێژوو بەتاڵدەکەم**

**دەگەڕێمەوە باوەشی منداڵیم**

**ژیان ژوورێکە بەتاڵ**

**شەیتان**

**پەراسوی شار**

**بەماڵ**

**سێبوری ماڵان**

**پایتەخت**

**سەمای جندوکان**

**شوێن**

سەرینێکی بێسەرە
بان کڵۆڵ
خانوو سەخمە
خەون قوتیدام
لە وڵاتێکی هەڵواسراودا
شارێکی بێسەر لە خۆیدەدا
گوندێك باوەشێن دەکرێ
پێم هەڵگرت
خۆل هەناسەی
دا
دا
دا
ملمنا
بەرد ناوکی کەوت
کەت
بەفر لە تینوان مرد
چیا بۆشایی کەوتێ
شار لە خۆچوو
ئەوژنەی منداڵ وێ
مات
مات
مات
گوێم وەبارەگای خودا وەنا
سەربووردەی "عەلی"

**سەرم وەشانی خۆڵ کرد**

**ئاو خۆی وێکنا**

**بەرد**

**چاولێکنانێ**

**مردوو**

**خەونان دەبینن**

**خۆڵ ئەفسانەیە نسێی نایەتێ**

**ئەی کچشای مەرگ**

**مردوو سەمای ئەم ئێوارەیە دەگێڕن**

**رەنگەکان گۆرانی بۆ ئەم دەڤەرە دەڵێن**

**شین**

**دەگەڕێتەوە باوەشی خوا**

**سوور**

**شەپۆلەکانی خوێن دەنووستەوە**

**زەرد**

**گرێکانی ئاو دەخونتەوە**

**سەوز**

**ئەم پایزە رادەماڵێ**

**لەو دیو ئاسمان**

**لە دایکبوونێکی تازە**

**دابارینی بەفرێکی نوێ**

**ئەو بەفرانەی لە شاخ لە دایك بوون**

**تێکەڵ بە خوێن و مەرگ بوون**

**ئەودیو ئاسمان**

تەنافی بەیەکگەیشتنی ژانەکان
ئەو ژانانەی
لە زامەکانی پرچی دایکم بەربوونەوە
من لە نێوان ئەم زام و ژانانەدا
بە دوای ئەو تارمایانەدا دەگەڕێم
کە ئێستا بەفر دایپۆشیون
بەدوای ئەو پرچانەدا دەگەڕێم
کە ئێستاش لم دایپۆشیون
بە دوای ئەو ڕەشبەلەکەدا دەگەڕێم
کە مردووەکان دەیگێڕن
بەدوای ئەو خەونانەدا دەگەڕێم
کە لە خەون ناچن
ئێرەش تەنافی بەیەکگەیشتنی تەرمەکانە
ئەوەی من بەم مەملەکەتە دەبەستێتەوە
سروودی ئەو مردوانەیە
بەر لە دایکبوون مردن
نووزەی ئەو شەقامانەیە
بەر لە خۆر ئاوابوون کپکران
ڕێچکەی ئەو منداڵانەیە
بەر لە ئێوارە ونبوون